# ئارامی دڵان



ئامادەکردنی
ئەحمەد محەمەد

# پێشەکی:

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان بێگومان خوای گەورە زانا و دانـــایە ئەوانەی ئێمەی مرۆڤ فێری دەبین هەمووی لە ڕەحمی خوای گەورەیە بۆیە گەورەیی و ستایش و پەرەسـتن بەحەق تەنها شـــایەنی خودایە درودو سـڵاو بۆ پێشـــەوای مرۆڤـــایەتی (محمـــد) کە پێغەمبەری خوایە. خوێنەری ئازیز، ئەم کتێبەی بەردەستت کۆکراوەی کۆمەڵێک وتەیە لە چەنـد بوارێکی جیـاواز.وتەکـان یەکێکە لەپرس وبـابەتە گرنگەکانی ڕۆژانەمان لە هەموو شـوێنێک وبەهەموو زمانێک ئەبێتە باســـی ســـەر زارمان، زۆرجار وتەیەک بۆ چەند مەبەسـتێکی جیاواز بەکاردەهێنرێت هۆکارەکەشـی هەڵگری واتایەک زیاترە. ڕەنگە بەناوبانگترین نوســـەر لەماوەی تەمەنیدا چەندین ئەزموون کۆدکاتەوە لەچەند وتەیەکدا بە ئێمەی بڵێـــت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـــت ئێمە بە خوێنـدنەوەی چەنـد وتەیەک ئەزموونی چەنـد ســـاڵەی دانایەکمان دەستدەکەوێت.

وەفا لە مرۆڤدا جوانترین بەشی بونیەتی.

*-..-*-..-*

لەپەرۆشی دیدارتدا

بەرد شەق دەبێ

لەشەیدایی ئەوینتدا

ڕووح باڵەکانی لێک دەدات.

*-..-*-..-*

خودا عاشق و عارفی دەوێت

نەک مشتەری بەهەشت.



Scanned with CamScanner

هیچ شتێک لە ڕق و کینە ئاسانتر نیە، بەڵام

خۆشەویستی پێویستی بە نەفسێکی بەرزە.

*-.-.-*-.-.-*

ساتێکی هیجران بۆ عاشق وەک ساڵێکە

وەسڵی ساڵێکی پێکەوە ، بۆ ئەو خەیاڵێکە.

*-.-.-*-.-.-*

گیانت بمێنێ تا ئەبەد، ئەمما کەچاومان ڕۆشنە

بەتۆ

ئەی کەشاد و بەخشندەو پێکەوە گیانی دووسەدی

وەک من بەتۆ.



Scanned with CamScanner

بادە لە جۆش و خرۆشدا گەدای جۆش و خرۆشی ئێمەیە

چەرخ لەسوڕانیدا گەدای هۆشی ئێمەیە

بادە بە هۆی ئێمەوە مەست بوو، نەک ئێمە لە ئەوەوە

جەستە لەئێمەوە بوونی هەیە،نەک ئێمە لەوەوە.

*-.-.-*-.-.-*

ئەگەر حەوت جار کەوتی بۆ جاری هەشتەم هەستەوە

تەنانەت وشەی "سەرکەوتن" یش کەوتنی تێدایە.



Scanned with CamScanner

پەژارە و خەفەت لەدڵت لابەرە
کارسازی ژیان خودای بانی سەرە
ئیتر مەپرسە چیبوو چۆن کرا
ئەوەی ڕودەدات قەزاو قەدەرە.

*-.-.-*-.-.-*

بێ هیوایی بۆ مردووەکانە
لەچی بێ هیوایی کە هێشتا تۆ زیندوی.

*-.-.-*-.-.-*

هەتا هیلالی ئەبرۆی تۆ نەبینم جەژنم هەر نایە
لە ماهی ئاسمانم چی کە مانگی من لە ئەرزایە.



Scanned with CamScanner

پشت بە خوا ببەستە و ئارام بگرە

یان بەئاواتت دەگەی

یان لە حیکمەتێک تێدەگەیت.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

لێگەڕێن با خەیاڵ حوکمی دونیا بکات

ماندوبووین لە درۆکانی واقیع.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

ئیلاهی کە تۆ مەحبوبی دڵم بیت

چ باکم بەسواڵی حوبی دروستکراوەکانت هەبێ.



Scanned with CamScanner

لە گوڵ جوانترن ئەو کەسانەی

هەستی کەس بریندار ناکەن!

*-.-.-*-.-.-*

هەرشتێک لە دونیادا بەهایەکی هەیە ئەم ئەو شتەیە کە

کە جەنگاوەرانی دونیا تێدەکۆشن کە فێرببن.

*-.-.-*-.-.-*

لەنێوانی خۆشەویستی و خۆپەرستیدا

تەنیا داوێکی باریک هەیە

بەجۆرێ هەندێ جار لێمان تێکدەچێ،

خۆپەرستی بەنرخی خۆشەویستی دەفرۆشین.



Scanned with CamScanner

هاوڕێی باش کاتە خۆشەکانت خۆشتر دەکات
کاتە سەختەکانیشت ئاسان دەکات.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

لەکاتی خۆشی وناخۆشی شوکری خودا بکە
بەوەی پێی بەخشیوی
دەرگایەکی شەڕ دادەخات و
هەزار دەرگای ڕەحمەت دەکاتەوە.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

ڕێچکەی لوت بەرزی بشکێنن موحیبەت جوانترینە.



Scanned with CamScanner

خودایە نیەتی دڵم ئەسپێرم بە تۆ
کە بەشایەنی منت زانی بۆم بەدی بێنە
گەر نا یارمەتیم بە تا شایەنی بم
دووبارە داوای بکەم پێمی ببەخشی.

*-.-.-*-.-.-*

کۆتا کەس لەگەڵت دەمێنێتەوە ئەو کەسەیە
تۆی لە ڕووحدا دیتوە نەک ڕوخسارت.

*-.-.-*-.-.-*

تا ماوی لە ژیاندا ڕەزامەندی خوا بەدەست بێنە
دواجار
مردن دێت و کۆتایی بەهەموو شتێک دێت.



Scanned with CamScanner

قلب مع الله لا يتأذى

دڵ لەگەڵ خوا ئازار ناچێژێ.

*-..-*-..-*

پەلەکردن دەردە، ئارامگرتن دەرمانە.

*-..-*-..-*

مەولانا دەڵێت پێم خۆشە دڵ شکاوبم نەک دڵ شکێنەر

چونکە مەحشەرەکەی خوا زۆر بەئازارە.

کاتێک خۆشەویستی خوا بونی هەیە
ئیتر ڕووح لە هیچی کەم نیە.

*ـ..ـ..ـ*ـ..ـ..ـ*

لەم سەردەمەدا هەموو بەجۆرێک گۆڕاوین
تەنها ئەوەندە ئاگاداری یەکترین
کەدەزانین لە ژیاندا ماوین.

*ـ..ـ..ـ*ـ..ـ..ـ*

دڵت پڕبکە لە خۆشەویستی و میهرەبانی گەر
ڕۆژێک شکا با بۆنی خۆشەویستی و میهرەبانی
بەهەموو شاردا بڵاوبێتەوە.



Scanned with CamScanner

لەهەزاران یەک نەفەر ئەهلی دڵن
ئەوانی تر پەیکەرن و ئاو و گڵن.

*-.-.-*-.-.-*

فرمێسکەکان نزان گەشت دەکەن بۆ لای خودا
کاتێک کە ناتوانین قسەبکەین.

*-.-.-*-.-.-*

خوێندەوار نیم بۆ خوێندنەوەی تـانەی خەڵکی.



Scanned with CamScanner

هەمووموان بەهەشتمان دەوێت و
هەوڵیشی بۆ نادەین.

*-.-.-*-.-.-*

ئیمان هەم هێزە هەم نورە
ئیمان مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ.

*-.-.-*-.-.-*

هەر دەڕۆین و پێناگەین
هەر دەڵێین و تێناگەین.



Scanned with CamScanner

هەوڵدانی کەسێک بۆ بەهێز دەرکەوتنی
نیشانەی لاوازیەتی.

*----*----*

کاتێک مرۆڤ عاشق دەبێت
هەموو شتێک زیاتر بەهای هەیە.

*----*----*

بیر لە ڕابردوو مەکەرەوە
زۆرترین ئایەت باسی قیامەت ئەکات.



Scanned with CamScanner

ترسنۆکەکان نەشکست دێنن نە سەردەکەون.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

کاری باشە لە دڵتدا بڕوێنە چونکە
هیچ کەس ناتوانێ لە ڕازی دڵی خۆی هەڵبێت.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

نهێنی ژیان ئەوەیە گەر حەوت جار کەوتی
ئومێدت بە هەشتەمین جار هەبێت.



Scanned with CamScanner

هەرگیز ناتوانی دڵت پێشکەشی کەس بکەیت

کە هی خۆت نییە.

*-.-.-*-.-.-*

ئیمان تەنها ڕێگەیە کەوا دەمانگەیەنێتە

باڵاترین پلەی ئەشق.

*-.-.-*-.-.-*

هەرکەس ئارەزوەکانی زاڵبوون بەسەریدا

هەموو دەروازەکانی بەخت و

سەرکەوتنی لە ڕوو دادەخرێت.



Scanned with CamScanner

دڵتان شیرینی ئیمان ناچێژێت

هەتا دونیا نەویست نەبن.

*-.-.-*-.-.-*

دوو کار دەبنە هۆی دڵرەقی:

زۆر وتن ، زۆر خۆری.

*-.-.-*-.-.-*

خەڵک خۆیان بە شتێک نەڕازاندۆتەوە جوانتر بێت

لە ڕاستگۆیی و گەڕان بەدوای ڕزقی حەڵاڵدا.



Scanned with CamScanner

قەدری بوونی خۆت نازانی

تا نەزانی بۆ ئەو چەندە گرنگی.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

دڵت ئارامبکەوە لە خۆشویستنی خۆت.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

بەرزترین سەربەرزی سوجدەبردنە بۆ (الله).



Scanned with CamScanner

ڕەوشت بریتیە لەوەی مرۆڤ

چاکەکردنی بەلاوە ئاسان بێت.

*-.-.-*-.-.-*

ترسم لە ئازاردانی دڵی بەرامبەر هەیە

ئەگینا وەڵامم زۆرە.

*-.-.-*-.-.-*

ئیدی لە مەخلوقات ماندووم

جوانی خالقم گەرەک

من ساتێک لە ئەو ئەڕوانم

خۆم دەبینم ، لەخۆشمدا جوانیەکەی ئەو.



Scanned with CamScanner

بەر لە ئاو دەست نوێژ بە خۆشەویستی بگرە

چونکە بەدڵێکی ڕق هەڵگرەوە نوێژ دروست نیە!

*-...-*-...-*

نیوەی تەمەنم پەرێشانی

نیوەکەی تری پەشیمانی.

*-...-*-...-*

دڵخۆشکردنی هەموو کەس لەتوانای ئێمەدا نیە

ئەوەندە بەسە کە هیچ کەس بەهۆی تۆوە ئازار نەچێژێ.



Scanned with CamScanner

دڵ پیر نابێت تەنها ڕۆژ بە ڕۆژ تێڕوانینی
نزیکتر دەبێتەوە لە تێڕوانینی ئەقڵ.

*-.-.-*-.-.-*

ڕۆحت بە دڵیەوە گرێ بدە بۆ ئەوەی
دڵیت شکاند تۆش بمری.

*-.-.-*-.-.-*

من کە لەنێوان شەپۆلی عەشقی تۆدام
بە من دەڵێی لە کوێی؟
من لەکوێ بزانم لە کوێم!



Scanned with CamScanner

لە وەتەی شەوقی ئەو لە دڵم دەدات
چوار وەرزە گوڵ دەگرێ دڵم .

*-.-.-*-.-.-*

مەولانا دەڵێت: خۆزگە دوو دڵم دەبوو یەکەمیان پڕبوایە لە خۆشەویستی خوا
ئەوەی دووەمیشیان لە ڕقی یەکەم زیاتر خودای خۆشبویستایە.

*-.-.-*-.-.-*

گەر ماڵت لەشوشە بوو بەرد مەگرە ماڵی کەس.

گەر دڵت بەرگەی شکان ناگرێت عاشقیش مەبە.

*-.-.-*-.-.-*

ویژدان تاکە دادگایە پێویستی بە حاکم نیە.

*-.-.-*-.-.-*

ئارامگرتن بریتیە لە نزاکردن و چاوەڕوانبوون

نەک ناشکوری و ناچاربوون.



Scanned with CamScanner

جوانترینن ئەو کەسانەی ترسی خودا

لە چاوەکانیاندا بەدی دەکرێت.

*ـــ*ـــ*

بەوەدا بزانە کچەکەت گەورە بووە ئازارەکانی لە

تۆ دەشارێتەوە و بەتەنها دەگرێ.

*ـــ*ـــ*

بێدەنگی حەوت پیت و هەزار هاوارە

وتویانە بێدەنگی سەر سەلامەت دەکات

بێ ئاگا دڵ پارچە پارچە دەکات.



Scanned with CamScanner

خۆزگە بەکرین هەبوایە: ڤیتامینی شعور و

دەرزی نەرمکردنی قسە

حەپی ڕێز و شروبی ئیهمال کردن.

ئاخر نەخۆشەکانی ئەم سەردەمە پێویستیانە.

*-.-.-*-.-.-*

هێزی قسەکردنم نەماوە گەر شتێک

هەبوایە لە بێدەنگی ئارامتر ئەوا دەمکرد.

*-.-.-*-.-.-*

مرۆڤەکان بێ باڵیشن کەچی یەکتری جێدەهێڵن

بەڵام باڵندەکان باڵداریشن هەمیشە بەیەکەوەن.



Scanned with CamScanner

ئەمشەو بێدار بین پێکەوە ؟

یان بخەوین و خەو ببینین بەیەکەوە؟

*_..._*_..._*

هەر شتێک دابەشی دووی بکەی کەم دەکات

جگە لە بەختەوەری تا بێت زیاددەکات.

*_..._*_..._*

خۆزگە لە گوندێکی چکۆلەدا عاشق ببومایە ئاخر

ئەم شارە بۆ دووبارە بینینەوەت زیاد لە ئەندازە

گەورەیە.



Scanned with CamScanner

تەنها ڕاستی بڵێ گەر لە دژی خۆشت بوو
دەسکەوتەکانی درۆ کاتین.

*-.-.-*-.-.-*

ئێمە چیانین تا نەکەوین دەکەوین بەڵام بە
هێزێکی ترەوە هەڵدەستینەوە.

*-.-.-*-.-.-*

مرۆڤ نابێ شەرمەزاری ئەوەبێت کە سەردەمێک لە
هەڵەدابووە هیچ نەبێ ئێستا لە ڕابردووی ئاقڵ
ترە.



Scanned with CamScanner

شەوان کاتێ هەموو کەس نوستون تۆ ئەوەی
ئەتەوێت بیدرکێنە چونکە نزیکترین کەست
خودایە.

*-.-.-*-.-.-*



کاتێ لە دەرگا چوومە دەرەوە دایکم هاواری کرد
دڵت داپۆشە مرۆڤەکان لێرە زۆر ساردن با سەرمات
نەبێ.

*-.-.-*-.-.-*

لە پشتەوە لێت دەدەن و دواتر دەڵێن
بەم جۆرە بێهێز بووی.



Scanned with CamScanner

ئەگەر نیوەی مرۆڤایەتی فێرببن دەست نەخەنە کارێکەوە کە پەیوەندی بە وانەوە نیە ئەوا نیوەکەی تری بەئارامی دەژین.

*-...-*-...-*

تۆ بەڵێنت بە من دا ئەوەی لە نێوانماندایە هەمیشەییە

بەڵام من لە بیرم کرد لێت بپرسم:

مەبەستت عەشقە یان ڕەنجە.



Scanned with CamScanner

ئەزیزم بمبورە یازوو دەگەمە ئەوشوێنە،وەک چۆن

لە دایک بووم

یا درەنگ  دەگەمە ئەو شوێنە وەک چۆن لەم

تەمەنەدا عاشقی تۆ بووم.

*-.-.-*-.-.-*

گرنگ سەرەتاکان نییە

گرنگ کێ دەستت دەگرێ تا کۆتایی.

*-.-.-*-.-.-*

کەناحاڵی لە حاڵم جا چۆن حاڵیت بکەم لە حاڵم!

کە حاڵیت و خۆت ئەکەی بەناحاڵی! خوا حاڵت کا

بە حاڵم.



Scanned with CamScanner

تەنها دوو کەس لە ژیاندا لێت تێدەگەن

یەکێکیان بە دۆخەکە تێپەڕیوە

ئەوی تریان کە بەهەشتی خۆتت بۆ ئامادەکردووە.

*-...-*-...-*

گەر خەمی دڵی بەرامبەرەکەم نەبێت هیچ

قسەیەک بێ وەڵام جێنایەڵم.

*-...-*-...-*

خۆشەویست گەر ڕۆژێک هەستت بەخۆشی

کرد بەشی منیش لە بیر مەکە

دادپەروەرانە نیە ئازارەکانت لەگەڵ من

و پێکەنینەکانت لەگەڵ ئەو.



Scanned with CamScanner

غەیری ڕوخسارت هەرچی ئەبینم
نوری چاومی پێ کز ئەبێ.

*-.-.-*-.-.-*

لە سوڕەتی یوسفەوە فێربووم
ڕۆشتوو دەگەڕێتەوە
نەخۆش شیفا وەردەگرێت
دڵتەنگیەکان لە ناودەچن
خەمەکان دەبنە خۆشی
ئەمەش تەنها پەیوەستە بە کات و ئارامگرتنەوە.



Scanned with CamScanner

ئارامبگره ڕۆژێک یەکێک دێت و دەڵێ پێکەنینەکەت جوانترین شتە کە بینیبێتم.

*-...-*-...-*

دووربون لە "ئازیز" دەردێکە نزیکبوون لە

هەموو "بەنی ئادەمیش" دەرمانی ناکا.

*-...-*-...-*

هیواخوازم

کۆتاییەک بدۆزینەوە شایەنی هەموو ئەو

شتانە بێـــت کەپێیدا تێپەڕبوون.

دەبینی ئەی دۆست کەس

یادمان ناکات خەم نەبێ.

*-.-.-*-.-.-*

تۆ دەتوانیت نەبیت؟ کاتێک بزانیت ڕوناکی

ژیانی من بە داخستنی چاوەکانت ڕەش ئەبێت.

*-.-.-*-.-.-*

سيُعوّضك الله عن هذا كل التعب

الذي قاومته دون أن تتكلم.

خــودا قەرەبووی هەمــوو ئەو ماندووبونەت

دەکاتەوە کەبەبێ دەنگی بەرەنگاری بوویتەوە.



Scanned with CamScanner

تــۆ وو بەرد ، هــەردوکتان ســەنگــینن

ئــەو لەجــێی خۆی ، تــۆش لەدڵــی مــن.

*-.-.-*-.-.-*

خەیاڵێك لەگەڵ تۆ

گشت ئازارەکانم بیردەباتەوە

مەراقمە بزانم هاتنت

چی دەخولقێنێت.

*-.-.-*-.-.-*

خاوەن نەخۆشیەکی درێژ خایەنم هەتا هەناسەیەک

بەگیانما دێت هەزار جار تۆ بەرۆحما دێی.



Scanned with CamScanner

داواکارم لە خوا

من بە تۆ و

تۆ بە من و

من و تۆ بە

شادی هەمیشەیی بگەیەنێ.

*-.-.-*-.-.-*

نە چاو دیدەی جارانی ما

نە دڵ مەیلی ڕۆژانی زوو.

*-.-.-*-.-.-*

چ گوڵ شەن بێ، چ گوڵخەن بێ، چ سەحرا

سەیری هەرکوێ بکەم تۆ ئەبینم.



Scanned with CamScanner

خۆ من کێو نیم،خۆ من بەرد نیم گرِی

و لە دەرونمدا بێ و نەتوێمەوە.

*ـ..ـ*ـ..ـ*

ئەگەر قسمەتت لە شتێکـدا هەبێ پەروەردگار

هەموو ئاڕاستەکانت دەگۆڕێت بۆئەوەی بگەیت

پێی ، نائومێد مەبە.

توکل علی الله

*ـ..ـ*ـ..ـ*

حەیات تەڵخ و ئەجەل شیرینە بێ تۆ.



Scanned with CamScanner

دڵم

دەرهات و تۆ هەر دەرنەهاتی.

*-.-.-*-.-.-*

نزار قەبانی وتی:

خۆزگە کەسێک دەبوو

کە لە چاوەکانمان تێدەگەشت

کاتێک دڵتەنگ دەبووین

ئاماژەی بۆ سنگی دەکرد و دەیوت:

ئێرە نیشتیمانی تۆیە.



Scanned with CamScanner

لە کۆتایدا دڵ بە شوێنێک دەگات دوو ڕێگا زیاتری
نییە یان دەبێ ببێت بەخوێن یان بەرد..!

*-.-.-*-.-.-*

شەوێک دەچمە گۆڕستان ئەوەی لە دڵمدایە

بۆ مردویەکی باس دەکەم

خۆ ئەو کەسانەی زیندوون

لە هیچ شتێک تێناگەن!

*-.-.-*-.-.-*

هۆکاری بێدەنگی ئێستام

نەبیستنی دەنگیەتی

ئەو دەنگەی هەموو کات ئەیوت قسەم بۆ بکە.



Scanned with CamScanner

تــۆ هــەواڵــێـکم بـپـرسـه

بـا مـن بـەم حـاڵـه

" خـراپـــەوه "

بـڵـێـم " زۆر" باشم !

*-.-.-*-.-.-*

لەسەر قــاچه شـکاوەکانت بــڕۆ

بەڵام با جـێ پەنجــەت لەسەر شــانی

کەس نــەبێ.

*-.-.-*-.-.-*

مەهێله خەم

ڕووخساری جوانت بشێوێنێ .!

دەخولێمەوە و دەخولێمەوە

چـرکە بـە چرکە ئـەکولێمەوە !

*_...._*_...._*

بەیانیەک هەڵدەستی لە خەو

هەموو شتێک گۆڕاوە

دڵتەنگیەکەت بوەتە دڵخۆشی

گریانەکەت بوەتە پێکەنین ئەوەی تۆ چاوەڕێیت

دەکرد دێتەدی تۆ بەس ئومێدد هەبێت ئومێدد..

*_...._*_...._*

شەو دڵـگیر نیـە

دڵمـان گیـری کەسێکە لێـرە نیـە...



Scanned with CamScanner

ئەو زەردەخەنەیە چەندە جوانە!

کە بەخەم دەڵێ: من بەهێزترم.

*-...-*-...-*

سەرنج ڕائەکێشی،

وەک دێڕێکی تۆخ کراو لە نوسینێکی درێژدا.

*-...-*-...-*

چەند بە ئازارە!

کاتێ بەدڵێکی پڕ لە

گلییەوە بێدەنگ دەبیت.!



Scanned with CamScanner

زەردەخەنە هەمووکات دڵخۆشی نیە،

بەڵکو هەندێ جار تەنها بۆ

داپۆشینی ئازارەکانە.

*-....-*-....-*

بـە عـەتر یـان ووت :

دەبیتـە هـاونشـینی هـەر کـەس ، بـۆنی خـۆشی

خـۆتی پـێ دەبەخشـی!

ووتــی :

مـن سـەیر نـاکەم ئـەو کەسـە کـێیە ، دەڕوانمـە

خــۆم کـە مــن کـێم!

وتی زۆر بیری ئەکەی ؟

وتم کێ

وتی:ئەو کەسەی کە خۆشت ئەوێ

وتم چۆن زانیت؟

وتی لە نیگای چاوەکانت.

*-....-*-....-*

تـاکـە بەڵێنە کە هیچ گومانێکم لێی نیە

{فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا}

دوای هەموو ناخۆشیەک خۆشی دێت .

*-....-*-....-*

دونیا پڕە لە کەسانی

پێ گەیشتووی تێ نەگەیشتوو..!

خەیاڵ..

پارچەیەکی تری ژیانە

هەمیشە خۆشیەکانی تێدا بەلاشە..

*-..-.*-..-.*

چاو لە ئاستی عەیبی خۆشەویست کوێرە

بۆ عەیبی دوژمن دایم دلێرە.

*-..-.*-..-.*

هەر کەس کە دەبینی نارەزایە زاری

داخۆم ئەم دنیایە بەرەو کێیە باری؟



Scanned with CamScanner

مرۆڤ لەوساتە نامرێ کە دڵی لەلێدان ئەوەستێ،

بەڵکو لەو ساتەوە مردووە کە لە هیواخواستن

ئەوەستێ.

*----*----*

گەر بڕوات بەوە نەبێ تێ ئەپەڕێ

تێشپەڕی هەست بە گرنگی تێ پەڕینی ناکەیت

*----*----*

ئەسپ ئەسپی ئەبێت. مانگا مانگای ئەبێت.

تەنیا مرۆڤ مرۆڤی نابێت، مرۆڤ

ئەبێت پەروەردە بکرێت بۆ ئەوەی ببێت بە مرۆڤ.



Scanned with CamScanner

سێ نوور، تێکەڵ بە یەکتری بن،

جوانترین ڕەنگ بە دونیا دەبەخشن!

ئیمان،ڕەوشت،زانست.

*-..-*-..-*

لەو شوێنەی لێوەکان بێدەنگن

دڵ هەزار زمانی هەیە.

*-..-*-..-*

هەموو شتێك تا بیدۆزیتەوە

دەبێت بۆی بگەڕێییت.

جگە لەیار نەبێت

کە دۆزیتەوە،بۆی دەگەڕێییت.



Scanned with CamScanner

لەدەردو بەڵاشـــدا ئەیچێــژم لەزەتــی ئــەو

ماتـــی ئەوم ، ماتـــی ئەوم ، ماتـــی ئــەو

*ـــ*ـــ*

هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە سەبارەت بە
رێباز و ڕێڕەوەکەی خۆی بڵێت

ئەمە حەقە ،جوانە

بەڵام مافی ئەوەی نییە بڵێت

هەر ئەمە حەقە ، هەر ئەمە جوانە ...!

*ـــ*ـــ*

هەر بانگەوازێــک تۆی بۆ سەرەوە هەڵــکێشـا
بـزانــە ئەو بـــانــگە لە سەرەوە ڕاهاتـــووە.



Scanned with CamScanner

لەدەردو بەڵاشـــدا ئەیچێـژم لەزەتـــی ئـەو

ماتـــی ئەوم ، ماتـــی ئەوم ، ماتـــی ئـەو

*-.-.*-.-.*

هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە سەبارەت بە

رێباز و ڕێڕەوەکەی خۆی بڵێت

ئەمە حەقە ،جوانە

بەڵام مافی ئەوەی نییە بڵێت

هەر ئەمە حەقە ، هەر ئەمە جوانە ...!

*-.-.-*-.-.-*

هەر بانگەوازێـــک تۆی بۆ سەرەوە هەڵـــکێشـا

بـزانــە ئەو بـــانـــگە لە سەرەوە ڕاهاتـــووە.

لەدەردو بەڵاشـــدا ئەیچێــژم لەزەتــی ئــەو

ماتـــی ئەوم ، ماتـــی ئەوم ، ماتـــی ئــەو

*-.-.-*-.-.-*

هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە سەبارەت بە

ڕێباز و ڕێڕەوەکەی خۆی بڵێت

ئەمە حەقە ،جوانە

بەڵام مافی ئەوەی نییە بڵێت

هەر ئەمە حەقە ، هەر ئەمە جوانە ...!

*-.-.-*-.-.-*

هەر بانگەوازێــک تۆی بۆ سەرەوە هەڵـــکێشـــا

بـزانـە ئەو بـــانـــگە لە سەرەوە ڕاهاتـــووە.



Scanned with CamScanner

پنهان ز دیده‌ها و همه دیده‌ها از اوست.

له بەر چاو وونە و کەچی ئەصلی بینین ئەوە

آن آشکار صنعت پنهانم آرزوست

ئارەزووی ئەو ئاشکرای نهێنی خولقێنەرە ئەکەم

*-----*-----*

گەر عاشقی لە خوونی جگەر قوم دە،دەم دەمەی

خوارە،خام کارە هەتا هاو و هوو دەکا. (مەحوی)

مەحوی لەم بەیتەدا زۆر قوڵ پێدائەگرێ و

بەدەریای عیشقدا ڕۆئەچێ و ئەیەوێ عاشق نەك

تەنها بەزام و دەردی خۆی ڕازی بێو بەس بەڵکو

ئەبێ ناڵەو هاواریشی لێوە نەیەت و ئەفەرمووێ:

ئەگەرعاشقی ڕاستەقینەی قوم بدە لەخوێنی

جگەری خۆت و بیخۆرەوە و هەناسە مەدە تا

تەواوی ئەکەیت و ناڵەت لێوە نەیەت چونکە مەستی ڕاستەقینە کەسێکە ئەوەنە سەرخۆش بێ لەهۆشی خۆی بچێ ئەگینا بە نەفام و ساویلکە دائەنرێ.

*-.-.-*-.-.-*

مەولانا ئەڵێ:

لای ئێمە هەموبوون بە دۆست و ئەغیارەوە مەستی عیشقی عیشقن.

*-.-.-*-.-.-*

لە ڕێگای حەقدا خەیاڵ و سەودای ئەو، پێشەوای منە.



Scanned with CamScanner

ئەو ئاواتەی دەتەوێت ببێتە خەونت

لە درەنگانێکی شەو دا

هەستە و ئەو خەونەت بکە ڕاستی

چونکە بە تەنها ئەو بەدی هێنەرە

*-.-.-*-.-.-*

ئەی عەشق

لای هەرکەسێك

ناونیشان و ناوێکت هەیە،

من ناوێکی ترت لێدەنێم:

دەردی بێ دەرمان.



Scanned with CamScanner

ئیلاهی ئەو کاتەی قسەکانمان

بۆنی ناشکوریان لێ دێت

تۆ ناویان بنێ دەردە دڵ

ئاخۆ ئێمە کێی ترمان هەیە

دەردە دڵ بکەین

*-...-*-...-*

مەولانا ئەڵێ:

"ڕەمەزان هاتە کۆتا و عاشقان وا هاتنە جۆش"

حافزیش ئەڵێ:

"مەی هاتە جۆش و نیازمەندانی هاتنە پێش"

ڕەمەزان کۆتایی هات ڕۆژومان ان شاللە قەبووڵ بووە کەوابێ ئێستا ئەبێ داوای مەی بکەین کاتی



Scanned with CamScanner

ئەوەیەداوای نیازمەندیەکانی خۆمان لە خوابکەین، تاڵیبی مانابین، ئومێدەواری مەی دەستی ساقی بین داوا بکەن چیتان ئەوێ ساقی وا جامۆڵەی مەی پڕ ئەکا. دەرگای لێخۆشبوون و سۆزی ئیلاهی واڵایە تا ئەتوانن لێی بنۆشن تا ناسک ناسک گیان و ڕۆحتان ئارام بکاتەوە.

*-...-*-...-*

حافز لە شوێنێکی تر ئەڵێ:

هیلالی مانگ بە دەوری لێوی جامۆڵەی مەی وا ئەکا ئاماژە.

شاعیرێکی تر ئەڵێ:

"لە سەربانی ماڵ کەوانی ئەبرۆت بنوێنە"

وەرە ئەم سەربانی دڵە بە کەوانی ئەبرۆی چاوەکانت چاوم لێ بڕوانە، چاوت لێم بێ تەنها تۆم هەیە،

چەنێک جوان شاعیر بە دەربڕینێکی ئەدەبی و
عیرفانی تەعبیر لە لوتف و کەڕەمی خوا بەخشندەو
میهرەبان ئەکات

ئەڵێ بە چاوی لوتف و کەرەمی خۆت لێم بڕوانە.با
بە کیمیای نیگای چاوت ئەم مسی گیانە بۆ زێڕ
بگۆڕێت

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

کاتێک خۆشەویستی خودا
بوونی هەیە ئیدی ڕووح
لەهیچی کەم نیە!

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*



سـەیری کەس مـەکە کە ئاشــنای تـۆ مـنم.



Scanned with CamScanner

کەسێک کە ڕێز لە مرۆڤ نەگرێت

باشترە کە نەباسی خودا

و نەباسی عەدالەت بکات"

*-.-.-*-.-.-*

مەولانا دەڵێت:

اگر تو عاشقی غم را رها کن

عروسی بین و ماتم را رها کن

تو دریا باش و کشتی را برانداز

تو عالم باش و عالم را رها کن

ئەگەر لەم شەوانە عاشقی خودای کەوایە
هۆشیارانە واز لە غەم بێنە لەبەر ئەوەی لەم
لەگەڵ خوابوونە نوری شادی و خۆشی دێتە کایەوە



Scanned with CamScanner

ئەم ڕووناكیە ئارامی و ئۆقرەیی لەگەڵدایە دڵەڕاوكێ و دڵتەنگی ناهێڵێت مەولانا وەسفی ئەم شەوە بە زەماوەندی گەیشتنە تامكردنی حەلاوەی ئیمان ناو ئەبات ئەڵێت ئەم ساتە هەر هەمووی خۆشی و شادیە دەسا واز لە ماتەم و شیوەن بێنە، واز لە هیزری ئالودە بە نەفس بێنە كە هەردەم ماتەم و شیوەنیەتی لەسایەی ڕابردوویەک كە تێپەریوە. جەژن ساز بكەن و واز لە ماتەم بێنن .
تۆ ببە بە دەریا و واز لە كەشتی جەستەت بێنە،
تۆ زانا و حەكیم بە واز لەم جیهان و دونیا بێنە.
تۆ دەریا بە واز لە كەشتی ژیانە بێنە بزانە بۆ كوێ ئەچێ، خەمی بۆ مەخۆ، زاناو حەكیم بە.

*-.-.-*-.-.-*



Scanned with CamScanner

ئیلاهی

تۆ چەند بێ حیساب دەبەخشیت و

ئێمەش چەند بە حیساباتەوە

تەسبیحاتی تۆ دەکەین....!

*-...-*-...-*

لە گوڵستانی سروشتدا ئێمە گوڵێکی ژاکاوین

ڕەنگی پیریمان نەدیوە لە جوانیدا فەوتاوین.

*-...-*-...-*

ئەوەی لە ناختە جێی بێڵە

زمان بەرگەی تاڵی ناگرێ



Scanned with CamScanner

لەلای من دڵ بە مانای زیندانە

ڕوح حاکمێکی بێویژدانە

حوکمت تا ئەبەدی زیندانە.

*-...-*-...-*

هیچ شوێنێک لەو دڵە ئارامتر نیە کە پڕە لە ئیمان.

*-...-*-...-*

کاتێک قورئان بوو بە بەهاری دڵ

هیچ هاوینێک وشکی ناکات و هیچ پایزێک

زەردی ناکات.



Scanned with CamScanner

گـەورەترین چێژ لە ژیان

ئەنجام دانی کارێکە کە

خەڵك ئەڵێن تۆ ناتوانی و پێت ناکرێ.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

شتە جوانەکان کۆتایی هـات

ئێستا سەرەی جوانترینەکانە.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

هەموو شتێک شایەنی ئەوە نیە

کاردانەوەت بۆی هەبێت.



Scanned with CamScanner

چایت را بنوش

نگران فردا نباش

از گندمزار من و تو

مشتی کاه میماند برای بادها.

چایەکەت نۆش بکە

نیگەرانی سبەی مەبە

لە کێڵگەی گەنمی من و تۆ

مشتێک کا ئەمێنێتەوە بۆ بایەکان

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

لێرە هەموو کارە جوانەکانت لە بیردەکەن

چونکە دواین هەڵوێستت بەدڵی ئەوان نەبووە.

ئەی خەم تۆ چ جۆرە ڕەنگێکی.؟!



Scanned with CamScanner

کە دڵی سپی ڕەش ئەکەی

و قژی ڕەش سپی ئەکەی..!!

*_._._*_._._*

"امرو بخند، فردا گریە کن"

و اینو هر روز بخون

"ئەمڕۆ پێبکەنە ،سبەی بگری"

وە ئەمە هەموو ڕۆژێک بخوێنەرەوە.

*_._._*_._._*

ئەی هـاودەمی رۆژگـار چۆنی بێ مـن؟

ئەی خەم رەوێنـی دڵنەوا ، چۆنـی بێ مـن؟

□"رۆمی"

□

□



Scanned with CamScanner

وەک باران بە..

کە هاتی با خەڵک دڵیان پێت خۆشبێت

کە ڕۆیشتی با ئاسەوارێکت جێ هێشتبێت

کە دیار نەبویت با نزا بۆ هاتننت بکەن .

*ـ..ـ*ـ..ـ*

خدا جای شب و روز روهی عوض میکنه

که بهت بگه ببین!

هیچ حالی دائمی نیست .

فردا یەروز دیگست..

خودا شوێنی شەوو ڕۆژ دەگۆڕێت

کە پێت بڵێت سەیرکە.

هیچ حاڵێک بەردەوام نییە سبەی ڕۆژێکیترە



Scanned with CamScanner

شەمی شەم ڕوومەت تۆ بە سەلامەت

سکاڵای دڵم کەوتە قیامەت.

*-.-.-*-.-.-*

هەرکەسێ ژینی بێ ژانی دەوێ

با لە عەین و شین و قاف دوورکەوێ

ع+ش+ق=عشق

*-.-.-*-.-.-*

I suffered , I learned ,I changed

ئازاردرام ، فێربووم ، گۆڕام



Scanned with CamScanner

بایێ لە تەرەف قیبلەمەوە دێت و وەرزانە

یا بۆیی هەناسەی دەمی غونچەی لەرزانە؟!

*----*----*

ئەگەر بتەوێت هەزار ڕێگە هەیە

ئەگەر نەتەوێت هەزار ڕێگر هەیە.

*----*----*

لە دنـــیادا وەکـــوو مـــنداڵی نـــاکـــام

بـــە نـــاکـــامی دەچـــن دنـــیا بـــە کـــامان

بـــەهانە مـــەگـــرە، لەو جـــامانە جـــامێ

کـــەرەم کـــە ســـاقیا، بگـــرە رجـــامان

ڕۆشن کە چاوی مونتەزیرانت بە گەردی ڕێت!

*-...-*-...-*

تەبەڕا بن لە من، با کەس نەبێ

حەشری لەگەڵ حەشرم!

*-...-*-...-*

عاشقان مەستن و ئێمەش دێوانە

عاریفان شەمعن و ئێمەش پەروانە!



Scanned with CamScanner

دڵێک کاری موحیبەت بێ،

بەبێ رەنج و بەڵا نابێ!

*-.-.-*-.-.-*

باشترە کاتەکانت بەهەوڵدان بۆ چونە بەهەشت بەسەربەریت نەک بیسەلمێنی کە ئەوانی تر ئەچنە دۆزەخەوە!

*-.-.-*-.-.-*

میحرابی دڵ وگیانە، هێزی دەستی ئیمانە

عەصایی خەطیبانە، شمشێری خۆراسانت!



Scanned with CamScanner

دڵی سەنگە ، دەبارێ گوڵ بەسەریا

ئەوی گووڵ بوو، زەمانە دایە بەر سەنگ !

"مەحوی"

واتە ئەوەی دڵی وەک بەرد ڕەقە گووڵی بەسەردا دەبارێ، ئەوەش کە وەک گووڵ ناسکە زەمانە دەیداتە بەر بەرد.

*-.-.-*-.-.-*

ئەو، گوڵی بۆ مێزی بادە و پۆکەر و یاری ئەوێ

من ، گوڵم بۆ تۆوی باغی ژین و دڵداری ئەوێ

واتە: تۆی بۆ تێپەڕینی کاتی بێزاری ئەوێ

من ، تۆم بۆ ئەوینی عومری یەکجاری ئەوێ.



Scanned with CamScanner

ئەو دەمەی تێرن

بەدەنگی بەرز پێمەکەنن

کەسانێک هەن لەبرسان

توانایی گریانیان نیە

*-....*-....*

ئاسانە دەستت لەسەر دەمت دانێی

بۆ ئەوەی قسە نەکەیت بەڵام

زۆر گرانە دەستت لەسەر دڵت دانێی بۆئەوەی ئازار نەخۆی.

*-....*-....*

قورئان دڵە ڕەقەکان نەرم دەکات

دڵە شکێنراوەکانیش سارێژ دەکات.



Scanned with CamScanner

کەسی سپڵە

وەکو کوێرێک وایە

کەلە دوای چاک بوونەوە

گۆچانەکەی دەشکێنێت.

چەترەکانتان فڕێدەن

باران هەموو دڵۆپەکانی میهرەبانین.

*-.-.-*-.-.-*

هاوڕێ وەک ئاو وایە تینویەتیت

ئەشکێنێ بەڵام ئەوەش بزانە هەموو ئاوێ بۆ

خواردنەوە ناشێ.



Scanned with CamScanner

راستگۆیی دیارییەکی گرانبەهایە

بۆیە هەرگیز لەمرۆڤە هەرزانەکانەوە دەستت ناکەوێ.

*-...-*-...-*

سبەی نهێنیەکە، خەمی بۆ مەخۆ

دوێنێ یادێکە ،حەسرەتی بۆ مەخۆ

ئەمڕۆ دیارییەکە قەدری بزانە.



*-...-*-...-*

کتێب ئەو شتەیە کەئەمڕۆ دەستی دەدەیتێ و دەیخوێنیتەوە سبەینێ دەستت دەگرێت تا دنیات بۆ بخوێنێتەوە.

مرۆڤ ناتوانێت چاکە لەگەڵ هەموو کەسێک بکات
بەڵام دەتوانێت چاکە فێری هەموو کەسێک بکات.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

ئەگەر دۆڕاو پێبکەنێت
ئەوە براوە تامی سەرکەوتن لەدەست ئەدات

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

زێر شتێکی جوان وگرانبەهایە
بەڵام ئەگەر بێت و پیتەکانی بەعەکسەوە
بخوێنیتەوە ئەوە جوانتر و گران بەهاتر ئەبێت.



Scanned with CamScanner

خەڵکی ئەمڕۆ نرخی هەموو شتێک ئەزانن

بەڵام قەدری هیچ شتێک نازانن.

*ـ..ـ*ـ..ـ*

## فێربووم

ئاسوودەیی ڕوح......لە کەمی گوناحی دایە

ئاسودەی لەش......لە کەمی خواردن دایە

ئاسودەیی دڵ... لە زیکری خودایە

ئاسوودەیی زمان... لە کەمی قسەکردندایە.



Scanned with CamScanner

## عیشقی عاریفان

وای چ جوانە،چەندە شەنگە،عیشقی ئێمە،ئەی خودا!

چەند ڕازاوە، چەند نیانە، چەند دڵگیرە، ئەی خودا!

هەر بە ئاوی حەیاتی عیشقە کە ئێمە دەڕەقسین،

نە زەربی کەف، نە زرمەی دەف، نە ناڵەی نەی، ئەی خودا! "مەولانای ڕۆمی"

*-..-*-..-*

شەمسی تەورێزی، گوتویەتی:

وەک چۆن شاعیر لەدوی سەروا،نەخۆش بەشوێنی شیفادا،دیلکراو لەدوی ئازادی،منداڵان بۆ ڕۆژی هەینی هیواخوازن،عاشقانیش سەوداسەری مەرگ و فەنان! هەموو عاشقانی مەدرەسەی

عیرفان،لەهەموو شتاندا،مەعشووق دەبینن،چونکە
ئەوان،بە نووری عیشق، نیگا دەکەن!

*-...-*-...-*

Life about balance Be kind,.
but don’t let People abuse you.
Trust, but don’t be deceived.
Be content,but
Never stop Improving yourself.

ژیان هاوسەنگیە میهرەبان بە بەڵام ڕێگە
مەدە خەڵکی بەخراپ بەکارتبهێنن.
متمانە بکە بەڵام فریو نەدرێیت.قایل بە،
بەڵام هەرگیز مەوەستە لە باشترکردنی خۆت.



Scanned with CamScanner

گەر بینیت خەڵکی لەکاتی نارەحەتی لێت دوور کەوتنەوە بزانە خودا دەیەوێ خۆی کارەکەت بەڕێوەببات.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

خۆشرین لەزەت گەر زۆر دووبارە بوەوە ئەگۆڕێت بۆ ئازار و موسیبەت.

*ـ.ـ.ـ*ـ.ـ.ـ*

متمانە وەکو ڕوحێکە هەرگیز ناگەڕێتەوە ئەو جەستەی کە جێی هێشتوە.



Scanned with CamScanner

دڵم هاوینە بۆ وەسڵی،بەڵام ئەو مەیلی زستانە

خەزانی بۆیەکرد خەڵقینە عومری وەك بەهاری من.

*-...-*-...-*

هەندێ جـار مرۆڤ

"بە نیەتی چنینی گوڵەوە هەنگاو دەنێ

بەڵام "درک" دەچێ بە پێیدا، سروشتی ژیانە ئیتر!

بۆ کەس گوڵڕێژ نەکراوە "ئازا" ئەوەیە لە ئازاری

دڕکەکان ئەزموون وەربگریت لە "گوڵەکانیش" چێژ.



*-...-*-...-*

ئاهی دەگاتە عەرش

دوعای موستەجابە دڵ.



Scanned with CamScanner

## هەندێ جـــار

نەگـــريان ئارامـــت دەكاتو

نە پێـكـەنيـــن نە هـــاوار كـــردن

ئارامـــت دەكات نەبـــێدەنگـی

تەنها ئەوەيـــە كە بە چـــاوی تەڕ

ڕوو لەئاسمان دەكەيـــت و بڵـێيت

خودايـــە تەنها تۆم هەيـــە.

*ـ...ـ*ـ...ـ*

گەر دڵ تەنگ بويت بە بير خۆتی بێنەوە

تۆ بۆ دونيای كاتی هاتويت نەک بۆ بەهەشتی كۆتايی.



Scanned with CamScanner

من درۆ ناکەم و بڵێم

هەمیشە لە خەیاڵمدایە

ئەو کەسەی کە خۆشم ئەوێت

بەڵام

ڕاستگۆیانە ئەڵێم

تەنانەت ئەوکاتانەی کە لە خەیاڵیشمدا نیە

هەر خۆشم ئەوێت.

*-----*-----*

گەر خودات لە هەموو ویستەکانت خۆشتر نەوێت

بە چی ڕوویەکەوە داوای ویستەکانتی لێدەکەیت.



Scanned with CamScanner

لەکاتی دوعا کردندا بیرت نەچێ خودا پەلە ناکات.

*-..-.-*-..-.-*

هەر کەس پێگەی گرنگی خۆی نەزانی

ناتوانێ گرنگ بێت بۆ کەس.

*-..-.-*-..-.-*

هەموو ئەو وشانەی لە وەسفی کەسێکدا بە کاری دێنیت

بیرت کردۆتەوە کە تۆش دەبێت هاوشێوەی

ئەو بیت ؟؟



Scanned with CamScanner